www.kurdistannet.org
18-10-2006 23:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چەند تێڕوانینێک لەسەر ڕەشنووسی دەستووری کوردستان ... کاوە نادر قادر

دەستوور یان (یاسا بنەڕەتییەکان) فەلسەفەی حوکمی دەسەڵاتە کە ماف و ئەرکی هاوڵاتی و پەیوەندی لەگەلڕ تاك و کۆی کۆمەڵگا ڕێك دەخا. کێشەو داخوازییەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگا لە ڕێگەی یاساوە چارەسەر دەکات. بۆیە وڵاتی خاوەن دەسەڵاتی دەستووری، جۆرێك لەسەقامگیری و ئۆقرەی ئەو وڵاتە دەگەیەنێ و هێمای بە مەدەنیبوون و فەزای ئازادییەکانە.

بوونی دەستووریش بۆ خەڵکی باشووری کوردستان وەرچەرخانێکی گەورەیە و مەرام و مەغزایەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە لەوەتەی باشووری کوردستان بەدەوڵەتی عێراقی لکێنراوە، دەستورێکی هەمیشەیی بەخۆیەوە نەدیوە کە تیایدا خەڵکی باشووری کوردستان لەسایەیدا هاوڵاتی بوونی خۆی تێدا بەرجەستە بکا!!. لەدوای ڕاپەڕینیش، هەر حوکمی میلیشیا و حزبایەتی تەسك بەسەرووی یاساو هاوڵاتی بوون بووە، بۆیە داڕشتنی دەستوور چەندە گرنگی بە وردەکاری ناوەڕۆکەکەی پێویستە، هێندەش گرنگی بوونی لەو وڵاتە گەرەکە! خستنە بەردەستی ئەو ڕەشنووسە بۆ گفتوگۆ و سەرنجدان بەکارێکی ئیجابییانەی دەزانم، ئەگەرچی ماوەکەی بۆ گفتوگۆ دانراوە کورتە، و ئەوەش ناگەیەنێ دەستووری کوردستان دواتر بخرێ، بەڵکو بە ڕاشکاوی دەیڵێین، دەستووری کوردستان زۆر دواکەوتووەو گەرەك بوو لەگەلڕ دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان ئەو کارە بەڕێوەبچووبوایە.

- دیباجەکەی دەستوور دووروردرێژەو پێویستی بە پوختکردن و سەر لەنوێ داڕشتنەوەی هەیە، پێویستە پتر ئاماژە بە (مەملەکەتی کوردستانی جنوبی) بدرێ وەك یەکەم ئیدارەی فەرمی لەو هەرێمە، ئەوجا دەستووری عێراقی 1958، کە بە ڕاشکاوی دانی بە بوونی کورد نابوو!.

لەدیباجەکەدا، باس لەهەر (14) خاڵەکەی سەرۆك ولسون کراوە (جەنگی جیهانی دووەم) بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەکاتێکدا ئەو (14) خاڵە لەدەورانی یەکەمین شەڕی گەورەی دونیا ڕاگەیەنرا نەك (جەنگی دووەمی جیهانی) ئەوجا خاڵەکانی ولسن کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر چارەنووسی گەلانی ناوچەکە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی کۆلۆنیالیستی جیهانی ئەوسا بەتایبەتی (بەریتانیا و فەرەنسا)، گەلانی ناوچەکەیان دابەشکرد بۆ مەرام و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دوور لە خواستی ئەو گەلانە.

- لەتەواوەتی ڕەشنووسی دەستوورە کە ناوی (باشووری کوردستان) بە چەندین جۆر هاتووە (کوردستان-عێراق، هەرێمی کوردستان، کوردستانی عێراق، کوردستانی باشوور، کوردستان، هەرێم... ) .

پێویستە ئەو ناوانە یەك بخرێ لەنێو دەستوورەکە هەرچەندە بەندە لەگەلڕ باشووری کوردستاندایە، بەڵام لەبەر ئەوەی (پەرلەمان و حکومەت و پرۆژەی ڕەشنووسی دەستوور) بە کوردستان-عێراق هاتووە، بۆیە (کوردستان-عێراق) بمێنێتەوە لەبارترە!.

- لەدیباجەکە چەند جارێك (عێراقی عەرەبی) بەرچاو دەکەوێ، دیارە مەبەست لەناوە کۆنەکەیە کە لەمێژوودا عێراقی عەرەبی و عێراقی عەجەمی بەکارهاتووە بۆ ئەو ناوچانە، بەڕای من ئەو ناوە لە ڕووی زانستییەوە ڕەنگە پڕ بە پێستی نەبێ، بۆ ئەو کاتانە چونکە وەك باسمان کرد ناوچەکانی (عێراقی عەرەبی) کە لەدەستوورەکە هاتووە عێراقی عەجەمی یاخود (جەزیرە) ەش دەگرێتەوە، بۆیە هەرێمی عێراق بەتەنیا بەپەسندتری دەزانم لەعێراقی عەرەبی.

- (خاپوورکردنی نزیکەی 4500 گوند و گۆڕینی دیمۆگرافیای شوێنی باب و باپیرانی بەشێکی زۆری کوردستان... ) جارێ پێویستە لە دەستوور ژمارەی گوندەکان بە ڕاست و دروستی دابنرێ، هێندەی من بزانم تا ساڵی 1991 (4040) گوند تێك چوون، ئەوجا گۆڕینی دیمۆگرافیای شوێنی باب و باپیرانی لە

رووی زمانەوانی و ناوەڕۆك هەڵەیە، گۆڕینی ئەتنی لە زێدی باوك وباپیران رەنگە راستربێ. لەو دەستەواژەیەی دیکە کە لەدەستوورەکەدا هاتووە.
- لەبری وڵاتانی دراوسێ، بەباشتری دەزانم وڵاتانی دەوروبەر بەکار بهێنرێ، چونکە ئەو وڵاتە بەناو دراوسێیانە؟! بەشی هەرە زۆری پارچەکانی دیکەی کوردستانی گرتۆتەوە!.
- لە دەروازی دوو مادەی 21و 23دا باس لە ئافرەت دەکا ئەگەر حەساسیەتە حزبییەکان دوور بخەینەوە، ئەوا (ژن) لە (ئافرەت) باشترە، ئەوجا ئەو ناوەڕۆکەی لەو دوو ماددانە هاتووە لەئاست کێشەکانی رەشەکوژی و یەکسانی لەمافەکاندا بەرجەستە نابێ، پێویستی بە یاسایەکی تایبەتی هەیە!.
- لەمادەی 45و 46 باس لە کرێکاران کراوە، دیسان ناوەڕۆکەکەی رۆشن نییە پێویستی بە یاسای کار هەیە کە خواستی کرێکارانی باشووری کوردستان دابین بکات.
- کێشەی زەوی و زار و جوتیار و خاوەن زەوییەکان، هەر ئاماژەی پێ نەکراوە، ئومێدەوارم بێ مەبەست بێ لەپشت گوێ خستنی لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بە راشکاوی ئاماژەی پێ بکرێ چونکە بەشێکی زۆری ئەو کێشەیە لەنێو کۆمەڵگای باشووری کوردستاندا لەقەیرانێکی گەورەدایە؟!
- ئارم بۆ هەرێم پێویستەو لە دەستوورەکەدا نەهاتووە.
- لەدەستنیشانکردنی سنوور و چارەنووسی باشووری کوردستان ناکرێ پشت بە ماددەی 140 ببەسترێ، پێویستە پشت بە راستییە مێژووییەکانی ناوچەکە ببەسترێ، لەدەستنیشانکردنی چارەنووسیشدا هەر (8) ساڵ (دوو هەڵبژاردن) جارێك ریفراندۆم بکرێ لەسەر میکانیزمی پەیوەندی باشوری کوردستان بەدەوڵەتی عێراقدا.
لەگەڵ ئەو هەموو کەمو کوڕییانەی کە لە رەشنووسی دەستوورەکە هەیە، دەکرێ بگوترێ دەستورێکی مۆدێرنەو لە ئاستێکی باشدایە و لەگەڵ رۆژگاردا، دەشێ پوختتر وباشتر بکرێ.

2006/10/15

هەولێر- کوردستان